سالّی دووەم   ژمارە (١٧)   نیسانی  ٢٠٠٨

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

مانگانە لەسەر مالّپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە





## رۆڵی میدیا لە زیادکردنی بەشداری سیاسیی ژناندا

میدیا یاخود دەسەلاّتی چوارم لەسەرجەم کۆمەلّگاکاندا رۆلّێکی کاریگەر دەگێڕێت لەئاراستەکردنی رەفتاری تاکەکانو شێوەی بیرکردنەوەیان، دەکرێت بلّێن کاریگەری میدیا هیچی کەمتر نیە لەکاریگەری دەزگاکانی پەروەردە، ئەو دەزگایانەی شوناسو کەسیەتی ئینس....لا ١٦



## نەسرین حەسەن
## هەلّبژاردەی یەکەم دلّخۆشییە !..لا ٢٣



## چاولیکەریی و کێشەکانی ناو مالّ لە راپۆرتێکدا.... لا ٢٨



## جۆرج بێرکلی(١٦٨٥-١٧٥٣)
## تیۆری بینین..... لا ٣٢



## سلێمان ئالیخان ئێمەی کورد کلتووری خۆمان ئەرشیف کردووەو کلتورێکی دیکەمان لەباوەش گرتووە...لا ٤٢



## پیشەی زێڕنگەری لە پشدەر لە راپۆرتێکدا... لا٦٤



## گرنگی وەرزش لە فێرگەکاندا لەبەسەر کردنەوەکی زناردا.... لا ٦٨



**خاوەنی ئیمتیاز :**

ئەردەلاّن یوسف محمد

(ئەردەلاّن مام وسو دزەیی)

**سەرنوسەر:**

**قادر ئەحمەد عومەر**

(هەلّگورد)

halgordpshdare@yahoo.com

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ ئاسیا    ٠٧٥٠١١١٣٢١٨ سانا

**بەڕێوەبەری نوسین:**

**غەفور نادر حەمەدەمین**

gafurranya@myway.com

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا    ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

سەرپەرشتیاری هونەری

ژیاکۆ

نوسینگەی گۆڤار:

رانیە- بازاڕی کوردۆ

نهۆمی دووەم

ئیمەیلّی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

زنار تەنیا لەو بابەتانە بەرپرسە کە لۆگۆی گۆڤارەکەی بەسەرەوەیە



# بەختیار عەلی

# خراپترین ئەدەب لای من ئەدەبێکە کە مەرگی سیاسیانەی مرۆڤ مەکیاج دەکات‌و دەیرازێنێتەوە

**ماوەیەك زۆربوو لە هەوڵی گفتوگۆیەکدا بووم لەگەڵ نووسەرو رۆشنبیریی دیاری کورد(بەختیار عەلی)، بەڵام بەهۆی دووری‌و ژیانی ئەو لە ئەڵمانیا، ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا تا لە نزیکەوە بیدوێنم‌و لەسەر زۆرێك لە پرسە گرنگەکان، بۆچوونەکانی وەربگرم. تا ئەوکاتەی بڕیارمدا لە ڕێگەی ئیمیلەوە ئەم چەند پرسیارەی بۆ بنێرم‌و ئەویش بەڵێنی پێداین بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەشداری لە گۆڤارەکەماندا بکات‌و دڵمان خۆشبکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ماوانەی کە ئەم پرسیارەمان بۆنارد، ئەو زۆر سەرقاڵبوو، بەڵام ئەو دڵی ئێمەی نەشکاندوو وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.. ئێمە لە گۆڤاری زنار سوپاسی دەکەین و دەستخۆشی ئەو هەوڵە بێوچانەی دەکەین کە لە پێناو بوارە جۆربەجۆرەکانی رۆشنبیریی‌و ئەدەبیدا دەیدات.**

**سازدانی: غەفور هیرانی**

**فۆتۆ: هیوا قادر**

**زنار:** سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئامادەییت بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڤارەکەماندا ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدەی، دەمێکە گەنجان‌و خوێنەرانی بەرهەمەکانت لە رانیە چاوەڕێی ئەوەن ژوانێکیان لەگەڵ سازبدەی، بەڵام هەموو جارێك کە هاتوویەوە دەڤەری راپەڕینت پشتگوێخستووە، ئایا بەراست پشتگوێخستنی ناوچە پەراوێزەکانی لە بابەت رانیە، لە قەناعەتی رۆشنبیریتانەوەیە کە کەمتوانان لەو بوارەدا، یان کاتی مانەوەتان مەحدود بووە؟

**بەختیار عەلی:** من لەنێوان ٢٠٠٤بۆ ٢٠٠٦ پێنج جار سەردانی کوردستانم کرد، بەڵام لەهیچیاندا لە سلێمانی نەچوومە دەرێ، زۆر حەزمدەکرد بچمە هەولێرو ماوەیەك بمێنمەوە، بەڵام جارێکیان زۆر کورت توانیم تەنیا شەوێك لە هەولێردا بمێنمەوە. باوەڕت بێت هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ من وەکو یەکە، ئاستی رۆشنبیری پەیوەندی بەناوەوەی مرۆڤەکانەوە هەیە، لە کوردستاندا شاری رۆشنبیرو شاری نارۆشنبیر بوونیان نییە. لە دونیادا هەندێك شار هەیە شوێنی کۆبوونەوەی هەندێ رۆشنبیرو جێگای دەرکەوتنی هەندێ بزاوتی ئەدەبی‌و هونەری‌و فەلسەفی بوون، بەڵام بەگشتی ئەو شارانە زۆر کەمن، زۆرجار پایتەختە گەورەکانن کە دەبنە شوێنی دەرچوونی رۆژنامەی زۆرو مەڵبەندی زانکۆو نیشتیمانی‌و گەلەریی‌و مۆزەخانەکان، بەڵام لە کوردستان ئەم جۆرە دابەشبوونانە دروست نەبوون. من کە لەسلێمانی دەمێنمەوە، مەسەلە ئەوە نییە کە بڵێم سلێمانی لەهەولێر یان دهۆك یان رانیە رۆشنبیرترە، مەسەلەکە ئەوەیە من خێزانێکی گەورەم لە سلێمانی هەیە، کە دەگەڕێمەوە ماوەکانم هێندە کورتن فریا ناکەوم ئەوانیش بەتەواوی ببینم. لە

راستیدا شارەکانی کوردستان هەموو وەك یەکن، لەهەموو جێگایەك کەمایەتیەکی بچوکی خوێندەوارو زۆرینەیەك لە خەڵك دەژی کە غەمێکی کولتووریو رۆشنبیرییان نییە، رەنگە لە زۆربەی دونیاشدا بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر وابێت. لە راستیدا ئەو گلەییەی بەرێزتان گلەیی زۆربەی ناوچەکانی تریشە، من برادەرانی هەڵەبجەو چەمچەماڵو کەلاریش هەمان گلەیی بەرێزتان دەکەن. هیوادارم رۆژێك بتوانم گەشتێکی وەها بکەم... ئەوە ئاواتی منیشە.

زنار: خوێنەرانت بەشێکی زۆری وەکو شتێکی سروشتی حەزدەکەن لەسەر ژیانت شت بزانن، لەسەر جۆری ئیشکردنت، خوێندنەوەت، تەنانەت خێزانداریش، بەوەی ئایا خێزانت هەیە منداڵت هەیە ناویان چییەو مرۆڤێکی چۆنی لەناو خێزانەکەتدا، هەموو ئەوشتانە داخوازی عاشقانی هەموو ئەو نووسەرانەیە کە ناوێکیان هەیەو جێگەیەکی گەورەیان کردۆتەوە لە بوارەکەدا، دەتوانی چی بە خوێنەرانت بڵێی.

بەختیار عەلی: من خێزانم هەیە، خێزانەکەم ناوی سەنایەو کچێکم هەیە ناوی بێریانە، ئێستا تەمەنی ١٢ساڵە. کەسێکم ژیانی ئاسایی دەژیم، رۆژەکانم لە نێوان خوێندنەوەو نووسینو خێزانەکەمدا دابەشبووە. یاساو عاداتی زۆر تایبەتیم بۆ خوێندنەوەو نووسین نییە. ژیانی ئێستام تا ئەندازەیەکی زۆر ئاساییو هێمنە، شتێکی تیا نییە شایستە باس بێت. سەبارەت بە خوێندنەوەکانم، من تەنیا کتێبی گرنگ دەخوێنمەوە، نووسەری خراپو بێبەهرە ناخوێنمەوە، مرۆڤ تەنیا کاتێك دەتوانێ بنوسێتو لەزەت لە خوێندنەوە وەربگرێت کە نووسەری خراپ فرێبداتە لاوەو فەرامۆشیبکات. خوێندنەوەو سەیرکردنی فیلمو گوێگرتن لە مۆسیقا روبەرێکی گەورەی ژیانی منیان داگیرکردووە، کاتی خۆم هەرگیز بە خوێندنەوەی لاوەکیەوە نابەمەسەر، هەست دەکەم ژیانی مرۆڤ چەندە درێژبێت هێشتا بەشی ئەوە ناکات بەشێکی کەم لەشتە جوانەکان تەواوبکات، لەبەر ئەوە رێزی کاتی خۆمو چاوی خۆمو رێزی عەقڵی خۆم دەگرمو بە خوێندنەوەی بێسوودو نووسەری خراپەوە ماندوویان ناکەم.

وەکو نووسەر من حەزدەکەم، خەڵك بیر لەمن نەکەنەوە، بەڵکو بیر لە کتێبەکانم بکەنەوە. زۆرجار حەزدەکەم کە خوێنەرێك کتێبێکی من دەگرێت بەدەستییەوە، وەك کتێبێك تەماشای بکات کە نووسەرێکی نادیار یان مردوو نووسیوێتی... قووڵترین شوێنی خوێندنەوە ئەو شوێنەیە کە نووسەرت لەبیردەچێتەوە. لەبیرتدەچێتەوە کە ئەو کتێبە نووسەرێکی هەیە، دەبێتە شتێك وەك ئەوەی لە ئەزەلەوە هەبێت... وەك درەختێك کە سەیری دەکەینو هەرگیز ناپرسین کێ درووستی کردووە، وەك مۆسیقایەك دەیبیستینو ناپرسین کێیە دەیژەنێت...وەك ماڵێك کە دەچینە ناویو دەپرسین کێی تێدا دەژی، بەڵام ناپرسین چ کرێکارێك دروستیکردووە. لە نووسینیشدا حەزدەکەم بگەم بەم چرکەیە..بەو ساتی تێکەڵاوبوونە رەهایە کە تەنیا هۆشیاری خوێنەرو مانای ناو وشەکان پێکەوە دەژینو گەمەدەکەن. هەموو کتێبێك دواجار جۆرێك لە مۆسیقا، دەبێت واز لە سەیری مۆسیقاکە بهێنینو گوێ لە مۆسیقاکە بگرین، چونکە گەر سەیری مۆسیقارەکە بکەینو گوێ لە مۆسیقاکە نەگرین، هەموو شتێکمان لەدەست دەچێت.

زنار: بابێینە سەر بواری تر، پرسیارێك سەر هەڵدەدات ئەویش ئەوەیە سیاسەت بەبەهانەی هونەری بەڕێوەبردنو رێکخستنی ژیانی دەستەجەمعی وجودێکی فیعلی هەیەو دەست وەردەداتە ناو هەمووشتێکەوە، ئایا هونەر وەزیفەی چییەلەم نێوەندەدا.

بەختیار عەلی: بەبۆچوونی من هەر هونەرمەندەو بەشێوەی تایبەتی خۆی وەزیفەی هونەر دەستنیشاندەکات. من زۆرجار لە رۆژنامەگەری حیزبیدا دەبینم کە یەکێك دەربارەی وەزیفەی رۆشنبیران لەم قۆناغەدا یان وەزیفەی نووسەران یان رۆژنامەنووسان قسەدەکات، بەڵام هەرکات یەکێك لە دەرەوە هاتو وەزیفەی بۆ هونەرمەند یان رۆشنبیر یان رۆژنامەنووس دیاریکرد، چیتر ئەوە نەهونەرمەندو نە رۆشنبیرەو نە رۆژنامەنووس. هەر هونەرمەندەو بەشێوەی خۆیو لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ ژیانو کۆمەڵگاو هونەر وەزیفەی خۆی دەستنیشاندەکات. بەشێکی گرنگی پرۆسەی دروستبوونی هونەر، ئەو دوودڵیو دڵە راوکێیەیە کە دەرهەق بەماناو ئەرکی هونەر لای هونەرمەند دروستدەبێت..واتە، پرسیار دەربارەی وەزیفەی هونەر پرسیارێکی گشتی نییە کە کۆمەڵگاو سیاسەتو رەخنە بتوانن وەڵامیبدەنەوە، بەڵکو پرسیارێکی تایبەتی هونەرمەندە لە خۆیو دەبێت بەتەنیا خۆی لەکاتی دروستکردنی کاری هونەریدا وەڵامیبداتەوە. ئایدۆلۆژیاکان ئەمڕۆ بەجۆرێکی بەرفراوان رەتدەکرێنەوە، چونکە ئەوان بەجۆرێکی زۆرە ملە وەزیفەی هونەریان دیاریدەکرد. کۆمۆنیستەکان بەجۆرێکی پێشوەخت وەزیفەی هونەرمەندیان دیاریدەکرد، لە روانگەی ئایدۆلۆژیو حیزبیەوە هونەری باشو خراپییان دەستنیشاندەکرد. هەندێك لە ناسیۆنالستەکانیش هەر هەمان گەمە دەکەن. بەڵام هونەرمەندی راستەقینە لەو پەڕی ئازادی خۆیەوە، لە جەوهەری داهێنانی خۆیەوە رێگا بۆ خۆی دیاریدەکات. مەرج نییە هەموو هونەرێك راستەوخۆ هەڵقولاوی سەر دەرکردن لەگەڵ کێشە مێژوویيو کۆمەڵایەتیەکاندا بێت. هونەری زۆر گرنگو بەرزمان هەیە کە راستەوخۆ لە وەڵامی کێشەکانی ناو هونەر خۆیەوە هاتووە. زۆر هونەری مەزن لە پەیوەندیدا بە سیاسەتەوە ناخوێنرێتەوە، ناتوانم (ئاندی وارهۆل یان پۆل کلەی)، یان (جۆزیف بۆیز) لەپەیوەندیەکی راستەوخۆو میکانیکیدا بە سیاسەتەوە بخوێنمەوە. هەموو هونەرێکی گەورە بەشێوازی خۆی پێناسەی هونەرو وەزیفەی هونەر دەکات. وەزیفەی هونەر شتێك نییە لەویادا دانرابێتو پێش پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەری بکەوێت، هونەرمەند ئیشدەکاتو ئیشدەکاتو لە گەرمەی داهێناندا وەزیفەی خۆی دەدۆزێتەوە. دواجار ئەوەی کە ئێمە دەیبینینو دەبێت بۆی بگەڕێین هونەر خۆیەتی، نەوەك وەزیفەکەی... وەزیفەی هونەر لە خوێندنەوەی هونەرەوە دێتەدەرێو دەکەوێتە ئەودیوی کاری هونەرییەوە، نەوەکو بکەوێتە پێشیەوە، هەرکات چەمکی " وەزیفەی هونەر" پێش " هونەر"خۆی کەوت، هونەر لەویادا دەمرێت..ئێمە دوای ئەوەی کە ئیشەکان وەکو قەوارەیەکی ستاتیکی قبوڵدەکەین، دواتر بۆماناو وەزیفەو دەلالەتە سیاسیو مێژووییەکانیان دەگەڕێین. نەوەك پێش ئەوەی کارەکە دروستبووبێت ئەو کارەمان دیاریکردبێت. مەرج نییە هونەرمەند هەمیشە دەلالەتی هونەرەکەی خۆی بە تەواوی ببینێت. فاشیلترین هونەرمەند ئەوەیە کە پێش ئەوەی کاربکات، بەتەواوەتی وەزیفەی کارە هونەریەکەی خۆی دەزانێت، واتە پێشوەخت جیهانی ئیشەکەی خۆی کورتکردۆتەوە بۆ وەزیفەکەی... ئەوەش مردنی هونەرە.

هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە کەسانێك بێنو بڵێن کە ئەدەب یان هونەر وەزیفەیان نییە، بەڵام بەو مانایەیە کە وەزیفەی هونەر دەبێت لەهونەر خۆیو لە هەوڵوێستی فیکریو ستاتیکی هونەرمەند خۆیەوە بێتەدەرێ. هونەر نابێت وەزیفەی خۆی لە مەرجەعیەتی دیکەوە کە لە هونەرەوە دوورن وەربگرێت.. وەزیفەی هونەر ئەو دەلالەتانە دروستیدەکات کە لە هونەرەوە دەرژێنە ناو دونیا، نەوەك ئەو داواکاریانەی کە لە دونیاوە دەڕژێنە ناو هونەر.

زنار: پێتوایە لە نێوانی ئەدەبو سیاسەتدا فاسیلەیەك هەیەو سیاسەت پێیوایە مرۆڤەکان لە بەربەریتێکی گەورەدا دەژینو ئەدەبیش بەپێچەوانەوە پێیوایە بەردەوام مرۆڤەکان لەبەرزیو جوانیدان.

بەختیار عەلی: دەکرێت ئەو رستەیەی بەڕێزتان بە جۆری تر دابرێژینەوە، هەڵبەت تیۆرییە سیاییەکان مرۆڤ بەگشتی وەك دڕەندە، یا کۆمەڵگا وەك مەیدانێکی جەنگی دڕندانە تەماشاناکەنو ئەدیبەکانیش بەگشتی مرۆڤ وەك پەریزاد نابینن‌و هەموو ئەدیبان



مرۆڤ بالأو بەنرخ نابینن. سیاسەت وەك لە سەرەتاوە لەگەڵ مێژووی بەشەرییەتدا هاتووە، وەك هونەری كۆنترۆڵكردنی مرۆڤو بەڕێوەبردنی سەیردەكرێت، زۆرجار گرێدراوی بەكارهێنانی هێزو توندوتیژییە. سیاسەت تێكەلأوییەكی دەسەلأت لە روانگەی سیاسی رووتەوە، بریتییە لە هەوڵی لادانی دەسەلأتی ئەوی دی بە دەسەلأتیكی تر. پرسیاری سەرەكی سیاسەت ئەوەیە" دەسەلأت لای كێیە؟". بەلأم پرسیاری ئەدەب فراوانترو ئالۆزترو فرە ڕەهەندترە. هەوڵی تێگەیشتنە لە ماهیەتی مرۆڤو مەرجە وجودیو مێژووییەكانی ژیانی.

جیاوازی هەرە گەورەی سیاسەتو ئەدەب لەوەدایە سیاسەت هەمیشە فەرد بێنرخو بێبەها تەماشادەكات... هیچ هێزێكی سیاسی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دروست نەبووە كە لە پێناوی گرتنە دەستی دەسەلأتو پاراستنیدا سڵ لە كوشتن بكاتەوە، سیاسەت بریتییە لە هونەری قوربانیكردنی فەرد لە پێناوی گروپدا، هەندێكجار ئەدەب دەبێتە خزمەتكاری سیاسەت، ئەویش هەمان گەمەدەكات، دەبێتە مەیدانی جوانكردنو ستایشكردنو ئاسانكردنی مەرگی سیاسی. خراپترین ئەدەب لای من ئەدەبێكە كە مەرگی سیاسیانەی مرۆڤ مەكیاجدەكاتو دەیڕازێنێتەوە. بەلأم ئەدیب زۆرە لەو جۆرەی دەبن بە بەردەستی سیاسییەكانو بەردەستی ئەوان دەكەن. ئەدەب هەمیشە پاك نەبووە، ئێستاش هەندێك(گۆتە) بە"خزمەتكاری ئەمیرەكان" ناودەبەن، ئەدەبیاتی واقعییەتی سۆسیالیستی، لەشكرێك لە ئەدیبانی سەر بە دەسەلأتی دروستكرد، هیچ بزاوتێكی ئەدەبی لە مێژووی خۆیدا هێندەی واقعییەتی سۆسیالیستی ئەدیبی نەكردووە بە پاشكۆی حیزبو دەسەلأت، لای ئەم بزاوتە، سیاسەت مەڵبەندی دروستكردنی جوانییەو ئەدیب دەبێت ببێتە هاوكارو حیكایەتبێژی سیاسەت. لە عێراقی سەدام حوسەیندا ئەدەب دەورێكی خراپی هەبووە، لەشكرێك لە ئەدیبانی سەر بە دەوڵەت دروستبوون كە شان بە شانی جەلادەكان حكومیان دەكرد. لە ئێرانی ئەمڕۆشدا ژمارەیەكی زۆر ئەدیبی دەوڵەتی هەیە، لە كوردستانیشدا بێشومار ئەدیبان هەیە كە تەنیا لەپاڵ سیاسەتو شان بەشانی سیاسییەكانو بەكۆمەكی ئەوان بوونیان هەیەو دەژینو ناویان دێت.. لەبەر ئەوە لەناو ئەدەبیشدا خزمەتكاری جەللاد هەیە.

زنار: لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) دا، زیاتربەناو پانتاییەكانی سیاسەتدا دەچیتو بەشوێن زامەكانی سیاسەتدای كە لە جەستەی مرۆڤەكانی كردووە، پێتوایە

**زۆرجار حەزدەكەم كە خوێنەرێك كتێبێكی من دەگرێت بەدەستییەوە وەك كتێبێك تەماشای بكات كە نووسەرێكی نادیار یان مردوو نووسیوێتی**

سیساسەت دوكەڵێكی ئەوەندە ژەهراویە، خەیاڵو خەونەكانی مرۆڤی بۆگەن كردبێ.

بەختیار عەلی: وەك گووتم مرۆڤ ناتوانێت بە رەهایی باسی سیاسەتو ئەدەب بكات. بەلأم من كوڕی ولأتێكو ژینگەیەكم كە سیاسەت رۆڵێكی ترسناكی تێدا بینیوە. مرۆڤی سیاسی جۆرە مەخلوقێكە خێرا دەكەوێتە بەرفریوی دەسەلأتو زۆر زوو تووشی ئەو دەردەبێت هێزەكەی بندەستی بە رەهاییو بێسنوورو بۆ قازانجی خۆی بەكاربهێنێت. ئەدەب یان مۆسیقا یان وێنەكێشان سەروكارێكی ئەوتۆو راستەوخۆیان لەگەڵ دەسەلأتدا نییە، واتە سەرمایەی رەمزی ئەدەبیو هونەری راستەوخۆ نابێت بەهێزێكی سیاسی، نابێتە دەسەلأتێكی كاریگەر بەسەر ژیانەوە. بەلأم سیاسەت بەمانا مۆدێرنەكەی " كە لەگەڵ هاتنی ئیمپریالزیزمو سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمدا لە ولأتانی ئێمەدا سەرهەڵدەدات" گۆڕان بە جۆرێكی رەها بە دەسەلأتەوە گرێدەداتەوە. ئەم رۆحە میكافیلییە لە خۆرهەلأتدا بەجۆرێك لە جۆرەكان لەوە كەوتووە تەعبیربێت لە جۆرێكی تایبەت لە سیاسەتو بووە بە تەعبیر لە رۆحی سیاسەت بەگشتی. ئەمڕۆ هەموو سیاسەتێك میكافیللیەتەو شتێك نییە لە دەرەوەی میكافیلییەت ناوی سیاسەت بێت. هەڵبەت ئەوە بۆچوونێكی تەواو هەڵەیەو لەسەر تەزویركردنی راستی دروستبووە. ئەمڕۆ ئێمە لەجاران روونتر تێدەگەین كە گۆڕان تەنیا لە سنوورێكی دیاریكراودا پابەندی سیاسەتە. سیاسەت لە دونیای ئێمەدا ژینگەیەكی دروستكردوە گروپە كۆمەلأیەتیەكانو ئایدیاكانو فەردەكان رقیان لە یەكترە، سیاسەت دینەمۆیەكی گەورەی دروستكردنی بوغزو كینەیە. ئاخۆ ئەمە قەدەری سیاسەتە هەمیشە وابێت؟ بێگومان نا، من لەو باوەڕەدام سیاسەت ئازادەو دەتوانێت ئیلهام لە بەرهەمە فیكریو رۆحیە بەرزەكانەوە وەربگرێتو دەشتوانێت ئیلهام لە غەریزە وێرانكاریو شەڕانیەكانەوە وەربگرێت. دەتوانێت رێزی مرۆڤ وەك بوونەوەر بكات بە پرەنسیپی سەرەكیو دەشتوانێت كەڕامەتو هەیبەتی دەسەلأت بكات بە تەنیا بنەمای كاركردن...سیاسەت شتێكە رەفتاری خۆی لە خۆیەوە هەڵناقوڵێت، واتە مۆڕاڵێكی سیاسیی دیاریكراوو داڕێژراومان نییە مەرجەعی ئەخلاقی بێتو هەموو سیاسییەكان لەوێوە مۆڕاڵی خۆیان دروستبكەن، شتی وەها لە سیاسەتدا نییە، لێرەوە هەموو سیاسییەكو هەموو چالاكیەكی سیاسی لە هەلومەرجێكی هەمەڕەنگو لەژێر كاریگەریی گەلێك فاكتەری تردا ئاكارو رەوشتی خۆی دادەڕێژێت. سیاسەت لە خۆرهەلأتدا شوێنی



چڕبوونەوەی دواکەوتنی کۆمەڵایەتییە... ئەو مەیدانەیە کە تەواوی دەردە سایکۆلۆژییەکانی تێدا دەردەکەوێتەوە... لەم سەد ساڵەی رابردوودا هیچ دەردێکی کۆمەڵایەتیو نەخۆشییەکی سایکۆلۆژی لە خۆرهەڵاتدا نییە نەپەڕیبێتەوە بۆناو سیاسەتو لەویادا دەرنەکەوتبێتەوە. لێرەوە سیاسەت لەم سەدەیەدا بە لێشاو حاکمی نەخۆشو سەرکردەی دڕندەی بەرهەمهێناوە، رەنگە یەکێك بڵێت هۆکاری ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە راستیدا گەرچی بڕێك لە راستی لەم قسەیەدا هەیە، بەڵام ئەمە هیچ جۆرە لێبوردنێك بۆ سیاسەت فەراهەم ناکات. سیاسەتێك کە دەسەڵاتێکی زۆر لە دەستی خەڵکی نەخوێندەوارو بێباكو کەمتەرخەمدا کۆبکاتەوە، کوشندەیە...سیاسەتێك نوخبەیەك دروستبکات لە سەرووی یاساو خەڵکەوە بێت، ژیان دەخنکێنێت. ئەمڕۆ لە سەدەی یازدەو دوازدەدا نین سیاسییەك جەهلی خۆیو بێئاگایی خەڵك بکاتە سەنگەر... دەسەڵات شتێکی ستراتیژیو ئۆرگانییە بۆ مانەوەی کۆمەڵگا لە سەدەی بیستو یەکدا. هەر کۆمەڵگایەك رێگا بدات بڕێکی زۆر لە دەسەڵات لە چنگی یەك کەسدا کۆبێتەوەو رێگاش بدات ئەم کەسە نوخبەیەك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، کە لە سەرووی هەموو یاساو شەریعەتێکەوە بن، یاری بەو ژیانو مانەوەی هەموو کۆمەڵگا دەکات.

ئێمە لەدوای راپەڕین ئەو دەرفەتەمان لەبەردەستدا بوو نمونەی ئەمجۆرە سیاسییە لە کوردستان بکەینە دەرەوە، ئەو نوخبە شۆڕشگێڕییەی شۆڕشی کوردی بەڕێوەبرد لەبەردەم دارشتنی نمونەیەکی دیکەدا بوو، بەڵام ئەو دەرفەتە زۆر بە شێوەیەکی خراپو ترسناك لە بەینچوو.

زنار: پاڵەوانی رۆمانەکانی تۆن بەردەوام لە سەرگەردانی قەلەقی گەورەدا دەژین، ئەم سەرگەردانیە تاچەند پەیوەندی بەزاتی خۆتەوە هەیە وەك چۆن دەڵێن نووسین ئاوێنەی ژیانی نووسەر خۆیەتی.

بەختیار عەلی: پێموایە لە وڵاتی ئێمەدا مرۆڤ بەگشتی لە قەلەقو پەشێویدا دەژی. ئێمە کۆمەڵگایەکین بەردەوام لەبەردەم مەترسی گەورەداین، دۆخی لەو جۆرەش مرۆڤی ئاسوودە دروست ناکات. هێند لەدایك دەبین قەلەقێك لەگەڵماندا لە دایکدەبێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە مرۆڤ چۆن باسی ئەم قەلەقیە دەکات، چۆن دەیکات بە تێکست، چۆن لە غەمێکی ناوەکی بێدەنگەوە دەیگۆڕێت بۆ غەمێکی قسەکەر... بۆ غەمێك چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. هەموو تێکستێکی ئەدەبی شتێك لە غەمی نوسەرخۆی تێدایە، ئەوەی مرۆڤ بتوانێت تەعبیر لەقەلەقی خۆی بکات، مەرجێکی سەرەتایی نوسینی ئەدەبییە. من لە شیعردا زۆر سەروکارم لەگەڵ قەلەقە تایبەتیەکانی خۆمدا بووە، بەڵام زۆر گرنگە نوسەر جگە لە قەلەقی خۆی، لە قەلەقی سەردەمو کەسانی دیش تێبگات. قەلەقی قوڵی خۆت فێرتدەکات بتوانیت قەلەقی مرۆڤەکانی تریش ببینیتو تێبگەیت. ئەدەب بەدیوێك لە دیوەکاندا بریتییە لە توانای تێگەیشتن لەوانی تر. من هەمیشە ئەدەبم وەك حورمەتێکی قووڵ بۆ ئازاری مرۆڤ تەماشا کردووە، وەك جوانترین کەرەستەی دونیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئازارەدا سەیرمکردووە. دواجار دەتوانم بڵێم: هەڵبەتە کە من مرۆڤێکی قەلەقم...مرۆڤی ئاسوودە دواجار پێویستی بە نوسینی کتێب نییە، کاتەکەی بەشی ئەوە دەکات لەزەت لە ئاسوودەیی خۆی ببینێت... بەڵام ئەوەی لە رۆمانەکانی مندا دەیخوێنیتەوە، ناکرێت قەلەقی شەخسی من بێت.

نوسەر دەتوانێت بینەرێکی وردبێت بۆ هەموو ئازارەکانی مرۆڤ... توانای نوسەر نابێت لە سنووری باسکردنی ئازارەکانی خۆیدا بوەستێت، بەڵکو دەبێت بەرزبێتەوە بۆ سنووری باسکردنی ئازارو ترسو خۆشی ئەوانی تریش. ئیشی ئەدەب ئەوەیە لە نزیك مرۆڤەوە بوەستێت، زۆر لە نزیکییەوە بوەستێت...بەجۆرێك کە خوێنەر خوێندییەوە نابێت هەست نەکات، ئەوکەسەی شتەکان دەگێڕێتەوە دیمەنەکانی لە نزیکەوە نەبینیوە.

زنار: زۆرجار باڵا دەستی خەیاڵ بەتایبەت لە دەقە ئەدەبیەکانتدا ئەوەندە فراوانو گەورەیە، ئەو هەستە لای خوێنەر درووست دەکات، کە تۆ باوەڕت بەواقع نییەو بەدوای ماڵێکی یۆتۆپیادا دەگەڕێی.

بەختیار عەلی: لەوکاتەدا دەتوانم بڵێم خوێنەر تێمنەگەیشتووە. خەیاڵ لای من گرنگرتین کەرەستەی خوێندنەوەی واقیعە، لەپێناوی شکاندنی دەرگای داخراوو



نەبینراوو نەدۆزراوەكانی واقیعدا ئامادەیە. ئەو ماڵە یۆتۆپییەی كە بەڕێزت باسیدەكەیت، دیوێكی تری واقیعە، ئەگەرێكە لە ئەگەرەكانی ناو واقیع. یۆتۆپیا لای من بریتییە لە جوانی لەوساتەدا كە لەناو ژیاندا جێگای خۆی دەكاتەوە. گەر لەوێوە بڕوانیت، دەشێت ڕەهەندێكی یۆتۆپی لەو جۆرە لە ڕۆمانەكاندا هەبن، بەڵام من یۆتۆپیست نیم، بوونی ڕەهەندێكی یۆتۆپیو یۆتۆپیا وەك سیستەمێكی خەیاڵكردی ئەوا دووشتی جیاوازن... من باس لە چارەنووسی جوانی دەكەم لە ژیاندا، بەڵام هەندێك ئەو باسكردنە بە پێوەرە تەقلیدیو وێنە تەقلیدیەكانی یۆتۆپیا پێوانەدەكەن. خەیاڵ خۆی شتێك نییە لە دەرەوەی واقیع، خەیاڵ بەشێكی گرنگی واقیعە، ئەگەر نەڵێم بەشە هەرە گرنگەكەیەتی. ئەوە تەنیا ئەدەب نییە كە سەروكاری لەگەڵ خەیاڵدایە، هەموو چالاكیەكانی مرۆڤ پەیوەندیان بە خەیاڵەوە هەیە، هیچ بوارێك نییە كەم تا زۆر خەیاڵی تێدا نەبێت...بۆ نمونە سیاسەتو زانست سەرشارن بە خەیاڵ، جگە لە خەیاڵ دەبێت چ هێزێك پاڵی بە هیتلەرەوە نابێت بیر لە داگیركردنی جیهان بكاتەوە. یاخود داگیركردنی كوێتو شەڕكردن لەگەڵ سیٚ دەوڵەتدا لەلایەن سەدام حوسەینەوە چییە جگە لە زادەی خەیاڵ،  یاخود روخاندنی دوو بورجە گەورەكە چییە جگە لە بەرهەمی خەیاڵێكی شەڕانیو نەخۆش؟. یاخود ئەمڕۆ خەیاڵ یەكێكە لە بزوێنە گەورەكانی زانست، فیزیكو بایۆلۆژی بەڕادەیەكی سەیرو ترسناك تێكەڵ بە خەیاڵ بوون.

ئەمڕۆ سنووری ئەو فەزایەی كە پێیدەڵێن واقیع، تەنیا بەشێكی بچوكی ژیان داگیردەكات، واقیع بەمانا سادەو ناكاملەكەی ئەوشتانەیە كە هەن‌و دەبینرێن، نەوەك ئەو شتانەبێت كە هەن‌و نابینرێن، یا ئەوشتانەبێت كە دەشێت هەبن‌و دەكرا هەبن‌و پێدەچێت ببن، لێرەوە دیدی نوسەر كە بە حەرفی دەبێت بە عەبدی واقیع دونیا زۆر تەسك دەبینێت. دیدی ڕاستەقینەو قووڵ بۆ واقیع ئەوەیە حیساب بۆ خەیاڵیش بكەیت، حیساب بۆ ڕەهەندە خەیاڵییەكانی ناو مرۆڤو ئەگەرە نەبینراوو نەدۆزراوەكانی ناو ژیانیش بكەیت...تا ژیان تەسك بێتەوە، خەیاڵ گەورەتر ئیش دەكات، تا مرۆڤ دەرفەتی ژیانی ڕاستەقینەی بۆ بچوكتربێتەوە، خەیاڵ دڕترو قووڵتر دەكەوێتە كار. پێموایە كە بەشێكی زۆری ڕۆمانی غەزەلنوسو باغەكانی خەیاڵ پێشكەش بەو بابەتەكراوە، بۆیە پێویست ناكات لێرەدا زۆر لەسەری بڕۆم.

# ئەزموونی چیا

هێمن مەهدی نەقشبەندی

## مەتەڵێك هەمووومان وەڵامەكەی دەزانین

شارلی نۆیەم پادشای فەرەنسا، پێش چەند سەدەیەك، ڕۆژێ لە خەو راپەڕیو فەرمانیدا، كە ڕۆژژمێری زاینی پێویستە لە ١ی نیسانەوە دەستپێبكات، هێندە ژانەسەری بۆ فەرەنسییەكان نایەوە، بەپێكەنینەوە(درۆی نیسان)ی بەسەردا دابڕی، سەیر لەوەدایە، ئەمرۆژە لە وڵاتێكەوە دەبێتە نەریتێ بۆ هەموو دنیا، بێجگە لە سێ وڵات: ئێران، هەرچەندە زۆر قەرزاری فەرەنسایە، بەوەی كە پەناگەو بڵندگۆی ئیمام بوو بۆ ئێرانییەكان، بەڵام ئەمرۆژە فەرەنسییە بە(ڕۆژی نەگبەتی) ناو دەبەن، بەوپێیەی كە ئەوەی لەو ڕۆژەدا لەماڵەوە بمێنێتەوە، بەدرێژایی ساڵەكە بەدبەختی لە یەخەی نابێتەوە، سەرباری ئەوەش درۆی سپی هەر جێی خۆی كردەوە، كە عەنتیكەترینیان دروستكردنی ئەو شەمەندەفەرەیە لەنێوان ماڵی سەرۆكی شارەوانی تاران‌و ماڵی سەرۆك كۆماردا، بۆ ئەوەی بە خێرایی بە دیداری یەكدی بگەن، كە لە راستیدا ئەو دوانە دانویان پێكەوە ناكوڵێت. وڵاتی دووەم ئیسپانیایە، لەبەرئەوەی ڕۆژێ پیرۆزەو ئەڵمانیاش وا ڕێككەوتووە كە ١ی نیسان ڕۆژی لەدایكبوونی رابەریان(بسمارك)بێ، بۆیە بەلایانەوە پەسەند نییە، لەو ڕۆژەدا درۆ بكەن.

ئینگلیزەكان كە لە دەورانی كۆڵۆنیالی خۆیاندا، بە لێشاو درۆیان لەگەڵ میللەتە ژێردەستەكاندا كردووە، دەڵێن ئەوەی لەو ڕۆژەدا باوەڕ بە درۆكان بكات، گەمژەو نەفامە، بۆیە لای ئەوان بە(ڕۆژی نەفامەكان) ناسراوە. ڕۆژگارێ وا كەوتەوە كە ئەم ئینگلیزی زمانانە ڕوویانكردە ئەم وڵاتەو دەوڵەتێ درۆینەیان بونیاتنا بەناوی(ئێراق)، چونكە چەند نەتەوەیەكیان لە چوارچێوەیەكدا گردكردەوە، كە تەنانەت خودی عەرەبەكەشی خاوەن دوو مەزهەبی ئاینی پێكناكۆكن، ڕكوكینەی هەشتا ساڵ لەنێو ئەم چوارچێوە بەزۆر دروستكراوەدا، پەنگی خواردبۆوە، تا لە مانگێكی وەك ئەم مانگەدا، هەمووی بە یەكدا تەقییەوەو ئەم كارەساتانەی لێكەوتنەوە، كە میدیاكانی جیهانی پڕ سەرجەنجاڵی كردووە.

ئەمرۆژانە بەریتانیو ئەمریكییەكان، تووشی هەر كارەسات‌و تەنگەتاوییەك ببن، بەرەنجامی درۆكان دەدوورنەوە، كە پێش سەدەیەك لەگەڵ ئەم وڵاتەدا كردبوویان. ئیدی بەوجۆرە دەتوانین بڵێین ئێمە لە وڵاتێكدا دەژین، ئایندەكەی هێشتا ڕوون نییە.

لە كوردستانی خۆماندا، پێویست ناكات، زۆر لەسەری بڕۆیین، ئەوەی بەرپرسەكان دەیلێن، خەڵك دەڵێ درۆیە، ئەوەشی خەڵك لەمیدیاكاندا باسی دەكەن، بەرپرسان دەڵێن هیچ بنەمایەكی راستی نییە، ڕوونكردنەوەو راستكردنەوەی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەكان، شاهێد عەیانێ ئاشكران، كە دۆخەكەمان چۆنەو ڕاستیەكان تەنیا لای كەمینەیەكی كەمن، كە دەشێ ئەمە هۆكاری سەرەكی دروستنەبوونی رای گشتی بێ لە كوردستاندا. كوردەكانی هەندەرانیشمان، وەك ڕۆژنامەنووسێ بۆی باسكردم، هەرچییەك دەڵێن لەبارەی كوردستانەوە، كە دۆزەخێكەو كەس ناتوانێ تێیدا بژی، كارمەندەكانی فەرمانگەی هیجرەی بیانیان، باوەڕیان پێناكەن‌و دەڵێن بەوردی تەماشای كەناڵە كوردییەكان دەكەین، بارودۆخ لەوێ زۆر باشە، تەنانەت بەردەوام دوو كاسێتی كوردستان تی ڤی‌و كوردسات-یان لایە، بۆ ئەوەی گەر گوتت، ناتوانم لە سلێمانی بژیم بەهۆی بارودۆخی سیاسیمەوە، پێت دەڵێن بچۆرە هەولێر، گەر بیروراكانیشت لەگەڵ بەرپرسانی هەولێردا یەكناگرێ، ئەوە سلێمانی، گەر بشڵێیت لە هیچیان ناحەوێمەوە، ئەوە كەركوك، یان دیمەنی سەیران‌و هەڵپەڕكێت نیشان دەدەن، پێت دەڵێن: ئەوە نییە میللەت هەمووی خۆشحاڵن، بەردەوام لە سەیران‌و سەفان. ئەمە تا چەند راستە، ئەوە بەجێدێڵم بۆ ویژدانی ئەو ڕۆژنامەنووسە.

ئێراق، ئەوەیە كە دەیبینین، ئەم ماوەیە شەڕی حكومەت‌و سوپای مەهدی، نیوەی ئەم وڵاتەی تەنییەوە، بەپێی میدیا بینراوەكان، حكومەت توانیویەتی تەنگ بە پەیرەوكارانی موقتەدا سەدر هەڵچنێ‌و دووبارە دەوڵەتی یاسا بۆ بەسرا بگەڕێنێتەوە، بەڵام كەسێ كە كارمەندە لە بەغدا گەڕایەوەو بە وردی باسی دۆخەكەی كرد، گوتی: ئەو قسانەی لە تەلەفزیۆنەكان دەكرێ، هەمووی خەیاڵین، كوا حكومەت، تەنیا ناوچەی سەوز كە قورسایی حكومەتی ئێراقی لەوێیە، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، نزیكەی ٢٦٠ گوللە هاوەنی بەركەوتووە، بەغدا بەدەست حكومەتەوە نەما، تەواوی پۆلیس‌و ئاسایش، چەكی داناو كوردی واتەنی(ماڵا خۆ، عەیالا خۆ)، گەر مالیكی زوو شەڕی رانەگرتایە، شتێ نەدەما بەناوی حكومەتی ئێراقییەوە، ئیدی ئەوە بووە بۆنەیەك بۆ گرووپە تیرۆریستییەكانیش، دەرفەت لەو بۆشاییە وەربگرن‌و هێندەی دیكە لە شارەكانی موسڵ‌و كەركوك‌و دەوروبەری خانەقین بەهێز ببنەوەو پەیامی ئەوەش بە خەڵكە لێدراوەكانی بەردەستیاندا بۆ حكومەت بنێرن‌و بڵێن: ئێمە لێرەین‌و ماوین. ئەمە سەرگوزەشتەیەكی كورتی وڵاتی ئێمەیە، بۆیە ئەو قسەیە تەواو راستە، كە ئەم وڵاتە دەبێ لە بناغەوە وێرانی بكەیت، تا سەرلەنوێ دروستبكرێتەوە، بەڵام جارێ ئەوەی دەبینرێ هێشتا پێچەوانە ڕەوت دەكرێ، لەبەرئەوە وڵاتێ سەرەتاكەی بەو جۆرە دروست بووبێ، ئێستاشی ئاوا بێ، گەر هەرواش بەردەوام بێ، دەبێ دۆعا بۆ ئایندەی بكرێ، ئیدی كەی ئەو دۆعایە گیرا دەبێ، ئەوەیان كاری خوادیە.



# ڕێژەی خۆسوتاندنی ژنان لە سنوری بیتوێن گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك

**کامەران عەبدەساڵح**

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان، تەنها لە سەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی ٢٠ ژن لە سنوری بیتوێن و پشدەر خۆیان سوتاندووەو زیاتر لە نیوەی ئەو ژمارەیە بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتاویەکەیانەوە گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش ڕێژەیەکی ترسناکەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کۆمەڵناسیو دەرونناسی هەیە.

بە مەبەستی زانینی هۆکارەکانی پەنابردنی مێیینەی کورد بۆ ئاگرو، دۆزینەوەی ڕێگەچارەی زانستییانە بۆ نەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بە پێویستمان زانی ڕاوبۆچوونی چەند کەسانێکی پەیوەندیدار بەم باسە وەربگرین. (عوسمان سەنگەسەری) مامۆستای بەشی کۆمەڵایەتی لە بارەی خۆ سوتاندنی ژنانەوە پێیوایە کە هۆکاری یەکەمی ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە کەلتوری ناوچەکەوە هەیەو لە باری کۆمەڵایەتی خێزانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە (لە سەرەتادا دایكو باوك منداڵ پێدەگەیەنن پاشان دەینێرنە سەر جادە ، لەسەرجادە عورف وعادەتی کۆمەڵگە بە سەریدا دەسەپێت بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئەکادیمی)، دووەم هۆکاریش پەیوەندی بە پەروەردەی ماڵی دووەمیەوە هەیە ( لە قوتابخانە وانەیەکی ئەوتۆ بە گوێی قوتابیدا نادرێت کە باس لە مامەڵەکردنی مرۆڤ بکات لە ژیانیبگیرێتە بەر بە تایبەتی ئەوەی وابەستەیە بە ڕۆژانەیدا، بۆ کچان وانەیەك هەیە بەناوی کەلتوری کۆمەڵایەتییەوە، ئەو وایدەبینێت (ماڵداری) بەڵام ئەم وانەیەش وابەستەیە بە( سیستەمی پەروەردەی ئێستا هەمان ئەو ماڵەوە نەك بە ڕێوشوێنی کۆمەڵگەو گۆڕینیسیستەمەیە کە لە سەردەمی بەعسدا کاری ئەو سیستەمەی لە کۆمەڵدا هەیە !)،پێدەکرا جگە لەوەی کەمێك دەستکاری لاوەکی مامۆستاعوسمان وایدەبینێت کە بە هۆیتێدا کراوە، بنەمایەکی زانستییانەی تێدا ئەوەی گەلەکەمان مێژوویەکی دورو درێژینابینرێت بۆ نەوەیەکی ساغو تەندروست)، هەیە لە داگیرکاری ، نەمانتوانیوە کار لەسەروەك چارەسەرێکی سەرەتاییش پێشنیار دەکات پرۆژەی پەروەردەی خۆمانو کەلتورو بنەما(وەزارەتی پەروەردە چەندین ناملیکەو کۆمەڵایەتییەکان بکەین.　　　چیرۆکە هەواڵ کە باس لە سلبییاتەکانی مافناس (سەعید هەریری) بەئەرکی سەرجەمدیاردەی خۆسوتاندن دەکەن چاپ بکاتو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانێت کارڕێی خوێندنگەکانەوە بەسەر خوێندکاراندا بکەن بۆ گۆڕینی ئەو کەلتورەی کە ئێستادابەشیان بکات)٠ هەیەو دەستکاریکردنی کۆمەڵێك یاسا کەمامۆستای ئایینی ئیسلام (محەمەدئەمین پەیوەندیان بەم دیاردەیەوە هەیە، ئەو پێیهەڵشۆیی) بە پێچەوانەی زۆرێك بیرمەند، وایە ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان لەوئایین بە هۆکارێك نابینێت بۆ سەرهەڵدانی ڕووەوە ڕۆڵیان هەبووە لە خزمەتکردنی پرسیدیاردەی خۆسوتاندنی ژنان، دەڵێت (زۆر لەو مێیینەی کورددا (وەك گۆڕینی هەردووکەسانەی خۆیان بە فریادڕەسی ژنان دەزانن ماددەی ٥٩ و ٦٢)، بەڵام مەرج نییە تەنهالە ڕاگەیاندنەکانەوە هەموو شتە نەشازەکان دەسەڵات بکەنە خاڵی دەستپێکیدەگەڕێننەوە بۆ دینی ئیسلام بەوەی هەنگاوەکانیان، بەڵکو دەکرێت لە کۆمەڵگەوپێشێلکاری مافی ژنە، ژنیش ئاگر دەکاتە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستوەڵام، بەڵام خۆ تەنیا لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پێبکەنو ، بە یەکگرتوویی کار بکەن لەسەرپەنای بۆ نابرێت، بەڵکو تەنانەت ئەوروپایش گۆڕینی کەلتوری کۆمەڵایەتی٠　　　بێبەش نییە لەم دیاردەیە، خوێندکارێك سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (ئیسماعیلنمرەی باش ناهێنێ خۆی دەسوتێنێ ! لەگەڵ چەتۆ) پێیوایە کە لە ڕووی پەروەردەییەوەمامۆستا کێشەی دەبێت گڕ لە جەستەی دەتوانرێت کۆمەڵێك ڕێوشوێنی زانستییانەبەردەدات!) مامۆستا محەمەدئەمین دەپرسێ (کێ لە هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی خۆسوتاندن گوناهبارە؟ دین یان ئەو ڕێکخراوانەی کە خۆیان بە خەمخۆری ئافرەتان دەزانن، ناتوانن قەناعەت بە کچێك بکەن باوەڕی بەخۆی هەبێت، تەنیا ڕوحێکی یاخی لە ناخی ژندا دەچێنن تا هەمیشە لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدا بێتو خۆی بکاتە قوربانی ، بێ ئەوەی مەرامێکی هەبێ بیلێت!.



سەرپەرشتیاری لقی ڕاپەڕینی یەکێتی ژنانی کوردستان (مریەم حەمە شێخە) هۆکاری بوونی دیاردەی خۆسوتاندنی ژنانی کورد بۆ مانەوەی بیری عەشائیری لە ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە، وێڕای ئەو هەنگاوانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەرەو شارستانییەت دەنرێن هێشتا هەندێ لێکدانەوە لای زۆربەی تاکی کورد بوونی هەیە کە ڕێگە نادات مێیینە ئازاد بێتو بە ئارەزووی خۆی شوو بکات، هەمیشە بە گومانەوە لێیدەڕوانرێت، ئەمەش وا لەو ڕەگەزە دەکات مردنی پێ باشتر بێت لە ژیانێکی لەو شێوەیە، هۆکارێکی تریشی بە



(کەمتەرخەمی دەسەڵات) زانی، چونکە تا ئێستا سەنتەر یاخود شوێنێکی ئەوتۆی لەهەموو شاروشارۆچکەکاندا نەکردۆتەوە تا لەکاتی پێویستدا ژنان پەنای بۆ ببەن (کاتێك ژن دووچاری گرفتێکی هەستیار دەبێت لەگەڵ دەوروبەریدا هیچ پەناگەیەك شك نابات ڕووی تێ بکات، ناچار خۆی دەداتە بەر ڕەحمەتی ئاگرو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت)، دەربارەی سنوردانانێك بۆ ئەم دیاردە ترسناکە، خاتوو مریەم بە ئەرکی سەرجەم ڕێکخراوەکانی دەزانێت ( لە ڕێی کۆڕو سیمینارەوە هەوڵی جیددی بدەن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەردوو ڕەگەز لە سلبیاتەکانی خۆسوتاندن لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و یاساییەوە)٠

مامۆستای دەروونناس (مەولود کاکان ) بۆ ڕێگەگرتن لە بەردەوامبوونی دیاردەی خۆ سوتاندنی ژنان، بە پێویستی دەزانێت پردێکی بەهێز لە نێوان دایك‌و کچدا هەبێت کە ئەویش پردی ڕاستگۆیی‌و نەشاردنەوەی نهێنییەکانە، ئەوەیش بەوە دەبێت کە دایك نزیك ببێتەوە لە کچەکەی‌و هەوڵ بدات وەك هاوڕێیەکی دڵسۆز مامەڵەی لەگەڵدا بکات، تا کچەکە بتوانێت متمانەی پێ بکات‌و کێشەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لەلا باس بکات، ئەگەر ئەمە کرا ئەوا لە کاتی سەرهەڵدانی هەر گرفتێکدا، کچە لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ ئاگر ببات، هانا بۆ ڕێنمایی‌و ڕێگەچارەکانی دایکی دێنێت، لە لایەکی دیکەیشەوە هەقە ژن ئەوەندە بە هێزو خۆڕاگر بێت کە بتوانێت ڕوو بە ڕووی سەختییەکانی ژیان ببێتەوە، با لە کاتی هاتنە ئارای گرفتەکاندا پەنا بۆ خوێندنەوە یان گوێگرتن لە پارچە موزیکێکی ئارام بەرێت، یاخود خۆی بە سەیرکردنی سروشتەوە خەریك بکات، بێگومان لەو هەنگاوانەوە تێدەگات کە ژیان جوانەو ناکرێت لە چوارچێوەیەکی تەسکەوە لێی بڕوانین٠

(دڵشاد حەمە ئەمین) وەك ڕۆشنبیرێك، گوشارە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتورییەکان بە هاندەری سەرەکی ژنان دەزانێت بۆ پەنابردنە بەر خۆسوتاندن، لەو بارەیەوە دەڵێت (ئەم گوشارانەو نەریتپارێزی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنە هۆی دروستبوونی ترس لای مێیینە، لەوەی کە نەتوانن ژیانێك بە خواستی خۆیان بۆخۆیان فەراهەم بکەن، هەروەك مەسەلەی ( شەرەف) بە پێوانەی نەریت زیانێکی گەورەی بە کەسایەتی ژن گەیاندووە، باشترین چارەسەریش بە بڕوای (دڵشاد) نەهێشتنی ئەو جیاوازیانەیە کە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرێن)٠

لە وەرگرتنی ڕای ئەو ڕۆشنبیرانەدا بۆمان دەرکەوت کە گەلێك هۆکار هەن وا لە کچانی ڕانیەو دەوروبەری دەکەن کە سوتاندنی جەستەو ژیانیان وەك دواچارەسەری کێشەوگرفتەکانیان هەڵبژێرن، لە سەرووی هەموویشیانەوە هۆکاری (کەلتوری کۆمەڵگە )و( بیرکردنەوە بە عەقڵی عەشائیری)، دواتر (لاوازی سیستەمی پەروەردەی خوێندن )و( خەمساردی دەسەڵات )-یش لە ئاست ئەو دیاردەیەدا دوو هۆکاری دیکەن٠ بێگومان دەتوانرێت لە ڕێی دەستنیشانکردنی هۆکارەکانیەوە ڕێگەچارەی زانستییانەی بۆ بدۆزرێتەوە، لەو پێناوەیشدا هەوڵ‌و تەقەللای بوێرانەی کۆمەڵگەو حکومەت‌و هەموو لایەك پێویستە٠




# کورد وەکو پێویست کەڵکی لەو کەرایەتییەی سەددام وەرنەگرت

کاوه ئەمین لە گوندی تۆرك لە سیوەیل-سورکێو لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٨تا ئامادەیی لە سلێمانی خوێندووەو لە سویدیش لە زانکۆ ماجستێری لە رۆژهەڵاتانسی بەشی سیاسەت وەرگرتووە، لە کۆتایی ١٩٩٠ ەوە لە سوێد دەژیت. خێزاندارەو کچێکی هەیە کە تەمەنی (١٠) ساڵەو ناوی(دیانە)یە. لە هەندێك لە رۆژنامەکانو سایتی ئینتەرنێت دەنووسێتو کتێبێکی نووسیوە بەناوی (ناسیۆنالیزمی کوردی) کە دەزگای ئاراس بلاوی کردۆتەوەو هەروەها دووکتێبیشی لە سویدیەوە لەسەر کورد وەرگێڕاوە بەناوی ( شەرە لەبیرکراوەکە: دەزگای ئاراس)و (کۆمەڵکوژی دەرسیم: ناوەندی کوردۆلۆگی لە سلێمانی چاپی کردووە). ئێستاش وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە ئاستی ئەدەبیدا واتە زمانی دایك بە خوێندکارانی کورد دەڵێتەوە.

**سازدانی:هەڵۆ مەرگەیی**

زنار: بەڕای ئێوە لە ئێستادا کێشەی کورد لەکوێی ناوەندە جیهانیەکاندایە.

کاوە ئەمین: گۆڕانکاریەکانی دونیاو ئەو ناوچەیەی کە کوردستانی ئێمەی تێدا هەڵکەوتووە، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر کیشەی کورد داناوە، هەم بەشێوەی نەگەتیڤو هەمیش بەشێوەی پۆزەتیڤ. دیارە ئێوە لە پرسیارەکانتاندا زیاتر مەبەستتان باشوری کوردستانە، بۆیە منیش تەنها لەسەر ئەو بەشەی کوردستان قسە دەکەم. ئەمرۆ کیشەی کورد لە رووی سیاسیەوە چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە رۆیشتووەو تا رادەیەکی کەم لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جێگای خۆی کردۆتەوە، بەلاَم تا ئەم چرکەساتانەش نەیتوانیوە وەکو پێویست کارە دیبلۆماسیەکانی خۆی

بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بباتە پێشەوە. بۆ نموونە. باشووری کوردستان نەیتوانیوە وەکو فەلەستینییەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە، جا ئەوە کاری بۆنەکراوە یانیش دەسەڵاتدارانی کوردستان نەیانویستووە لە دەزگایەکی وا گرنگدا جێگاو پێی خۆیان بکەنەوە. حەڤدە ساڵ دەسەڵاتی خۆجێی کەم نییە بۆ ئەوەی بتوانرایە وەکو چاودێر لەو دەزگایەدا کورسیەکیان بۆ کورد با لەدوایی دواوەش بوایە دەستەبەر بکردایە.
من گەشبین نیم بەوەی کە کورد بەو حاڵ و وەزعەی ئێستایەوە بتوانێت جێگای کارا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بگرێت، ئەوەش بە دوو هۆ: یەکەمیان، کورد وا خۆی بە دەسەڵاتی عێراقەوە شەتەك داوە، کە تا دێت کێشەکە وەکو کێشەیەکی عێراقی چاوی لێدەکرێت، نەك وەکو گەلێك و خاکێکی داگیرکراو، چونکە بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان تا ئێستاش بە داگیرکراوی ماوەتەوە، بۆ نموونە کەرکوك و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان. دووەم: حکومەتی هەرێم لە ئاستی دەرەوەدا نەیتوانیوە کەڵك لە هێزی کورد وەربگرێت، ئەوەش بەهۆی ئەوسیاسەتە فاشلەی هەردوو پارتی حوکمڕان واتە پارتی و یەکێتی بەڕێوەی دەبەن. تا ئێستاش نوێنەرایەتی هەرێم لە دەرەوە وەکو دەسەڵاتێکی یەکگرتوو کار ناکەن، بەڵکو سێبەری حیزب وەکو هەورێکی چڵکن لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێت. تەنانەت سەفیرە کوردەکان کە نوێنەرایەتی دەوڵەتی عێراق دەکەن، سیمای کوردییان پێوە نییە. پێموایە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە کوردێك بەڕێوەی دەبات، کاریگەری خراپی هەیە، بەتایبەتی لەسەر هێرەکانی تورکیاو ئێران نەك هەر بێدەنگیان هەڵبژاردووە، بەڵکو هەندێك جار ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە حکومڕانییەوە هەیە، ڕەنگە هیچ حکومەتێك لە دونیادا نەدۆزیتەوە کە هێندە لە میللەتەوە دووربێت.
زنار: دەسەڵاتی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە تاچەند توانیویەتی یارمەتیدەربێت بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی کوردی؟.
کاوە ئەمین: سەرکردایەتی کورد، وەکو خۆیان بانگەشەی دەکەن بۆ ئینقیلاب دەسەڵاتیان نەگرتۆتەوە دەست، ئەوە ڕاستە، بەڵام لە هەمانکاتیش ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەوان لەڕێگای شۆڕشەوە نەهاتوونەتە سەر حوکم، کاك ئەمجەد شاکەلی وتەنی، کەرایەتی سەددام بوو وایکرد کە ڕەوشێکی تایبەتی هاتە ئاراوەو بەڵام خۆ کورد وەکو پێویست کەڵکی لەو کەرایەتییەی سەددام وەرنەگرت، تەنانەت حکومەتی عێراق کە داری بەسەر بەردیەوە نەما، لە جیاتی ئەوەی کورد بە لەعنەتی بکات، هات جارێکی دیکە ئەو دەوڵەتەی لە مردن ڕزگارکردو سەرلەنوێ بنیاتی نایەوە.
خراپترین شت کە سەرکردایەتی کورد کردوویەتی، مراندنی هەستی نەتەوەیی کوردە. ئەو ناعەدالەتیەی لە کوردستاندا هەیە، وایکردووە کە کۆمەڵگای کوردی ئەو خۆشەویستیەی بۆ دەسەڵاتی کوردی نەبێت کە دەبوو بی بێت. دەوڵەتێك کە پاش حەڤدەساڵ نەتوانێت دوو کاتژمێر کارەبا بۆ خەڵك دابین بکات، لادێکانی کوردستان نەك هەر ئاوەدان نەکراونەتەوە، بەڵکو ئەوەشی هەبوو دانیشتوانەکانیان ڕوویان لەشارەکان کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر ئابووری کوردستان بەتایبەت بەهەرمی کشتوکاڵی لە کوردستاندا لە نزیك سفرەوەیە، ئەمە لەکاتێکدا دەبوو بەپێچەوانەوە بوایە. ئێستا زۆربەی بەرووبوومی کشتوکاڵی لە دەرەوە دەهێنرێتە کوردستان. ئەگەر سیاسەتێکی ئابووری کە حکوومەت سەرپەرشتی بکات لە کوردستان هەبوایە، ئەوا ئێستا کوردستان نەك پێویستی بە هێنانی بەرووبوم نەدەبوو، بەڵکو دەیتوانی بۆ دەرەوەشی بنێرێت. حکومەتی کوردستان نەیتوانیوە دووجاددەی دوو سایدی لەبەینی ئەو سێ شارەی کە بەدەستیانەوەیە لێبدات کە ژیانی دەیان کەسی لە مردن ڕزگار دەکرد. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین هەر هیچ نەکراوە، بەڵکو لە ئاستی پێویستدا نییە، هەموو ئەوانەی کەباسمکردن و زۆری دیکەش کاریگەری خراپیان لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵك و حکوومەت کردووەو دەکەن.
زنار: ئایا، بەڕای ئێوە ئەزموونی شەڕی ناوخۆ ئەزموونێکی تاڵ نەبوو لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد.
کاوە ئەمین: من شەڕی ناوخۆ بە ئەزموون نازانم، بەڵکو وەکو کردەوەیەکی قێزەون تەماشای دەکەم، ئەوەیش خۆی لە خۆیدا خاڵێکی ڕەشە کە بە تەویڵی شەڕکەرانەوەیە، ئاخر ئەوان تا ئێستایش داوای لێبوردینان نەك لە گەلی کورد بەگشتی بەڵکو لە کەسوکاری قوربانیەکانیشیان نەکردووە، تا ئێستایش دەیان کەس بێسەروشوێن و کەس خۆی ناکات بە خاوەنیان، هەر ئەوەیشە کە تا ئێستا ئەو هێزانە متمانەی تەواویان بە یەکتری نییە، مەگەر یەکگرتنەوەی هەندێك وەزارەتی حکوومی هەرێم هەر بەهۆی ئەوبێ متمانەیەییەوە نییە؟ هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی کە پارتی و یەکێتی دەیکەن و هەر لەبەر ئەو بێ متمانەییەیە، دەنا ئەگەر دیموکراتی بە ماق ڕاستەقینەی خۆی هەبوایە دەبوو پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا دەسەڵاتیان یەکلایی بکردایەتەوە، ئەوکاتە کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو پێش دەچوو.
دەبێت زەمینەیەکی وا برەخسێت کە جارێکی دیکە، هیچ کوردێك نەك تەنها لە باشوور بەڵکو لە پارچەکانی دیکەشدا بیر لە شەڕی ناوخۆ نەکاتەوە، ئەو ئومێدە ئێستا لە جاران زیاترەو هیوادارم بە بڕیارێك هەموو دەسەڵاتدارانی کورد بۆ هەتا هەتایە شەڕی کورد بە کورد بە کوشتدان حەرام بکەن.
زنار: لەم ماوەیەدا کوسۆڤۆ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو بو بە دەوڵەت، پێت وایە هەل و مەرجی ئەمڕۆی جیهان ڕێگە بە کورد دەدات بۆ هەنگاوێکی لەو جۆرە، ئایا جیاوازی باروودۆخەکە لە کوێدایە.
کاوە ئەمین: بوون بە دەوڵەت کارێکی هەروا ئاسان نییە، پێش هەمووشتێك دەبوو کورد وەکو تاك و بە کۆمەڵیش بۆ بوون بە دەوڵەت ڕابهێنرێت بەتایبەتی لە ڕووی ڕۆحی و نەفسییەوە. کاتێك سەرۆکێکی کورد بە ئاشکرادەڵێت:" دەوڵەتی کوردی خەونێکی شاعیرانەیە"، ئیتر چۆن و کام زەمینەیە بۆ دەوڵەتی کوردی ڕەخساوە دەرەخسێت. کام پارتی کوردی، دیارە زیاتر مەبەستم ئەوانەیە کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی کوردیی هەیە داوای دەوڵەتی کوردی دەکات؟. کۆسۆڤۆ بەخەڵك و پارتە سیاسیەکانییەوە لەماوەی چوارساڵدا زەمینەی فیکریان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان ڕەخساند، خۆ ئەوانیش وەکو کورد لە شاخەوە هاتنەوە بۆ شار، ڕەنگە لە هەموو کۆسۆڤۆدا دە کەس نەبێت خۆی بە بەشێك لە سربستان بزانێت. کۆسۆڤۆش وەکو باشووری کوردستان لە ژێر ماندانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بوو، بەڵام ئەوان زیرەکانە هەلەکەیان قۆزتەوەو بوون بە دەوڵەت، ئەوە لە کاتێکدا کە ژێرخانی ئابووری کۆسۆڤۆ لەچاو کوردستانەوە هەر بەراورد ناکرێت من پێموایە تا کورد وەکو تاك و وەکو کۆمەڵگە لەسەر ئەوە ساغ نەبێتەوە کە کوردستانییەو عێراقی نییەو لەهەموو ڕوویەکەوە، لە سیاسەتەوە بگرە تا کولتوورو تەنانەت وەرزش و هەموو شتێکی دیکە خۆی بگرە تا کولتوورو تەنانەت وەرزش و هەموو شتێکی دیکە. خۆی لە عێراق جیا نەکاتەوەو ناتوانێت دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت. مەلاکانی کۆسۆڤۆ کە چقاتێکی ئیسلامییە هێندەی بەخەم دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ بوون، هێندە لایەنە دینیەکانیان زەق نەدەکردەوەو مزگەوتەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنان نەك وەکو مەلاکانی لای خۆمان هێندەی بەخەم فلان ئەسحابەوەن کە چی کردوو چی نەکردووە

لەگەڵ چەند دەرسێکی دی، ئەوەندە بەخەم راهێنانی موسڵمانی کوردستانەوە نین بۆ بارهێنانیان بۆ دەوڵەتی کوردی. ئیتر چۆن هەمیشە هەیمەنەمان لەسەر ناکرێت.

زنار: ١٧ساڵە ئەزموونی حوکمڕانی خۆجێی چۆن لێک دەدەیتەوە.

کاوە ئەمین: پێموایێ لە پرسیارەکانی پێشوودا وەڵامی بەشێکی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە گەندەڵیەوەبێت، زیاتر دەکەوێتەوە سەر هەستە نەتەوەییەکە. کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بەگشتی هەمیشە بۆ گەندەڵی لەباربووە. باشوری کوردستان ئەم مۆدێلەی لە داگیرکەرانی کوردستانەوە وەرگرتووەو زۆریش بە خراپی بەسەر کورددا شکاوەتەوە. لەوڵاتی ئێمە حکومەت، حکومەتی حیزبە نەک خەڵك، دیارە حیزبیش بەشێکە لەخەڵك، بەڵام تا ئەوکاتە تەزکیەی حیزبی هەبێت گەندەڵی هەر دەبێت. هەموو سەرکردەکان بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان باش دەزانن کە ئەوانەی دەوڵەمەند بوون بە دزی و گەندەڵی دەوڵەمەند بوون، بەڵام کوا تا ئێستا کام بەرپرس لەسەر گەندەڵی دادگایی کراوە؟ هەموو سەیری یەکتری دەکەن. ئەگەر لەسەرەتاوە خەڵکانێکی پاك دەسەڵاتیان بدرایەتە دەست و چوار کەسیان بەتاوانی دزی و گەندەڵی دادگایی بکردایە، ئەوا کار بەم رۆژە نەدەگەیشت. ئەوەیش کاردانەوەی سەرەتای راپەڕین و شەڕی ناوخۆیە، ئاخر حیزبەکان هێندەی بەتەنگ داڵدەدانی موستەشارو کۆنە بەعسیەکانەوە بوو. تا ژمارەی لەشکرەکانیان زیاد بکەن، بەتەنگ خەڵکانی قوربانەدرو کەس وکاری ئەنفال و شەهیدەکانەوە نەبوون. دوور نەڕۆین ئەوانەی کە تا دوێنێ بەسەرو سمێڵی سەددامیاندا هەڵدەدا، ئێستا بەسەرو سمێڵی بەرپسە کوردەکاندا هەڵدەدەن، ئیتر چۆن گەندەڵی ناچێتە ناو مۆخی نەك حیزبەکان بەڵکو تاکی کوردیشەوە.

زنار: هۆکاری ئەوە چییە تا ئێستاش هیچ جۆرە ئیجرائاتێک لەبەرامبەر ئەو دیادە دزێوانە نەکراوەو ئەو کەسانە رۆژ بەرۆژ پێگەو جێگەی خۆیان قایمتر دەکەن.

کاوە ئەمین: لە وەڵامی پێشوودا باسی داڵدەدانی پیاوخراپانم کرد لە لایەن حیزبەکانەوە، ئەوانەی کە بتوانن ماستاو بۆ سەددام بکەن و بەشان و باڵی ئەنفالکەراندا هەڵبدەن، بۆ نەتوانن ببن بە لەشکر بۆ گەندەڵچیان. چ لەملابێت یا لەولا، ئەوان دەنگیان مەزبووتە، ئەگەر پارتی و یەکێتی لەسەرەتاوە داڵدەی ئەوانەیان نەدایەن ئەوا ئێستا رەوشەکە بەشێوەیەکی دیکە بوو. کابرا لەملا دەردەکرێت لەولا وەزیفەکەی بۆ بەرزدەکرێتەوە، ئیتر بۆ تەراتێن نەکەن، لە کاتێکدا ئەوانە بە دەیان ساڵ دژی نەتەوەکەی خۆیان بوون. خۆ کەس نەیگوتووە لە سێدارەیان بدەن، بەڵکو تەنها داوای ئەوە دەکرێت کە بەرپرسێتیان نەدرێتێ.

زنار: ژینگەی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژیاری، ئابووری و...هتد) لە ولاتی ئێمەدا ئەوەندەی هاوکارو یارمەتیدەرە بۆ قفڵکردنی دەست و پەنجەو مانەوەی باو هێندەی مەیلی گۆڕان نییە.

کاوە ئەمین: گۆڕانکاری، دیوارێك نییە ئەمرۆ بۆیاخێکی پێوەبێت و سبەی بە رەنگێکی دیکە بۆیاخی بکەیت. گۆڕانکاری پرۆسەیەکی دوورو درێژە، پێویستی بەکات هەیە، پێویستی بەپلان و بەرنامەیە. ئێمە کاتمان هەیەو بەفیڕۆی دەدەین، بەڵام پلانمان نییە. لە گفتوگۆیەکدا(د.فوئاد مەعسوم) وتبووی.. ئەگەر حکوومەتی عێراقی مانگێك بودجەکەمان بۆ نەنێرێت، ئەوا وای بەحاڵمان. جا تۆ چۆن دەتوانیت باسی گۆڕان بکەیت کە حکوومەتەکەت بەرگەی مانگێکی بێ بودجەیی نەگرێت؟ کە تۆ بۆ سەلکە پیازێك رووبکەیتە ئێران و تورکیا ئیتر چۆن دەتوانیت گۆڕان بکەیت. کە تۆ سیستەمێکی سیاسی عادیلانەت نەبێت ئیدی گۆڕانکاری چۆن دەکرێت. کە نەتوانیت سیستەمی زانستگاکان کە نوقتەی وەرچەرخانی گۆڕانکارییە، بگۆڕیت، ئیتر چۆن دەتوانیت ژینگەکەت بگۆڕیت. لەگەڵ دەیان ئیتری دیکەش.

زنار: گەنجانی ئەم ولاتەی ئێمە لەکوێی گەنجێتی و مومارەسەکردنی خولیا و خواست و مافەکانیاندان، تا چەند کەسیەتیەکی ئازادو داهێنەر،یان بەو پێچەوانەیان هەیە.

کاوە ئەمین: نەك تەنها گەنجەکان، بەڵکو کۆمەڵگەی ئێمە بەهۆی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە هەیەو بەتایبەتیش سیستەمی نەوت بە خۆراك و هەڵتەکانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان وایکردووە کە کۆمەڵگەیەکی بێبەرهەم و دەستوپێ سپی، بەرهەم بهێنێت. بەداخەوە گەنجانی ولاتی ئێمە ئەو مۆتۆرە نین کە بتوانن گۆڕانکاری بئافرێنن و فشار بۆ دەسەڵات بهێنن تا خولیاو خواستەکانیان بێتە دی. ئەو گەنجە کوردانەی کە لە کوردستان ئامادەنین هەندێك کار بکەن، کە دێنە ئەم ئەورووپایە دیارە هەموویان نا بەڵکو بەشێکی زۆریان ئامادەن وەکو لە چێشتخانەیەکدا کاربکەن و بیان رەتێنن. هەر ئەو گەنجانەی کە رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرن، لەکاتی هەڵبژاردندا دیسان دەنگ دەدەنەوە بەوان. دەنا ئەو هەموو گەنجە دەیانتوانی ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز. کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە

**مامۆستای وامان هەیە کە بە ساڵێکیش نەک کتێبێک بەڵکو رۆژنامەیەک ناخوێنێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت منداڵی کورد بەشێوەیەکی باش و مۆدێرن فێری زانست بکات**



هێزێکی مەعریفیو رۆشنبیرییو گەورە هەیەو دەبێت گەنجەکان ببنە ئەو هێزەو چی دیکە دەست لە دەسەلأت پان نەکەنەوەو خۆیان گۆڕانکاری بکەن.

زنار: لەڕووی سایکۆلۆژییەوە هۆی چییە تاکی کورد ئەوندەی تاکێکی خەمۆكو دڵگوشراوە هێندە سەرمەستی شادیو پێکەنین نییە.

کاوە ئەمین: بەڕاستی من خۆم لە وەلأمدانەوی ئەم پرسیارە دەبوێرم، بەشێك لەم پرسیارانە پێویستیان بە کەسانی پسپۆر لەو بوارانەدا هەیە، تەنها ئەوەندە هەیە دەڵێم، خۆ کورد لە خۆشیو شادیدا سەرچۆپیەکە بەرنادات. خۆ مامۆستا عەبدوڵلاّ پەشێو بە خۆڕایی تەلەفزیۆنە کوردیەکانی ناو نەناوە(قوونبادان).

زنار: بۆچی سودمان لە کارەساتی ئەنفال وەنەگرتووە، نەدەکرا ئەو بابەتە بکرێتە سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژوویيو بابەتی ئەوتۆ خەڵکی کوردستان بەرەو ئاسودەيیو دڵنیایی بەرێت.

کاوە ئەمین: هەموو هەر دەڵێین بۆ؟ من پێموانییە سود وەرگرتن لە ئەنفال ببێتە هۆی هێنانی ئاسوودەيیو دڵنیایی بۆ خەڵکی کوردستان. دەکراو دەکرێت، ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی کۆکوژی وەکو چۆن جولەکەکان هۆلۆکۆستیان کردووە بە پرۆسەیەکی سیاسی، ئێمەی کوردیش ئەو کۆکوژیە بکەینە چەکێکی سیاسی، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان قەرەبوو بکرێنەوەو ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوەو بکرێتە کارتێکی فشار لەسەر رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان تا کارەساتی وا بەسەر کورد نەهێنرێتەوە. ئەمەش دیسانەوە خەمساردی حکوومەتی هەرێم بەتایبەتیو کورد بەگشتی دەگەیەنێت لە بەرامبەر ئەو تاوانەی کە بە دژی کراون. لە کوردستان چەند لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی کە بە دژی کراون. لە کوردستان چەند زانکۆیەك هەن، هەموویان وانەی سیاسەتو کۆمەڵناسیو مرۆڤایەتیان تێدا دەوترێتەوە. دەکرا ئەو زانکۆیانە تا ئێستا دەیان بەرهەمی سیاسیو کۆمەلأیەتیان لەسەر ئەنفال بەرهەم بهێنایە. پاشان ئەنفال هێندە گەورەیە کە کارکردن لەسەری کاری تاکە کەسی نییە، بەڵکو دەبێت دەسگایەکی گەورە کە بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان بکرێت، دابمەزرێت، پێش هەمووشتێك هەموو ئەو گوندانەی کە ئەنفالکراون ساغ بکرێنەوە، پاشان قوربانیەکانیان سەرژمێر بکرێن، تەنانەت ئاژەڵەکانیش هەتا دەگاتە دارو درەختو گژوگیاو ژینگە، هەمووی تۆماربکرێتو ریزبەندی بکرێت. ئێمە کە دەسگایەکی وامان نەبێت چۆن دەتوانین ئەنفال بە دونیا بناسێنین، لە کاتێکدا هێشتا خۆمان ئەنفال نەناسین وەکو ئەوەی کە هەبووەو هەیە. کاتێك پەرلەمانو حکوومەتی خۆمان ئەنفال وەکو جینۆساید نەناسێتو نەیکاتە دیکۆمێنت، ناتوانین داوا لە خەڵك بکەین، هاوکاریمان بکات. کورد کە خۆی گوایە برابەشە لە حکوومەتی عێراقدا، تا ئێستا ئەو حکومەتەی بەغداد، تەنانەت داوای لێبوردنی لە گەلی کورد نەکردووە.

زنار: راهاتووم ئەو پرسیارە زۆر دووبارە بکەمەوە، کە ئایا ژنان بۆ دەچەوسێندرێنەوە، هۆکارەکەی زۆرجاران خۆیان نایزانن، هەشیانە پێیوایە رەفزکردنی پیاو مانای بەدیهاتنی خواستەکانی ئەوان دەگەیەنێ، کەوابوو تەنها ئەوە پیاوە دەیەوێ ئەوان بچەوسێنێتەوە، قسەیەکت هەیە لەم بارەیەوە.

کاوە ئەمین: تەنها شتێك کە بتوانم بیڵێمو پێشتر خەڵکی تریش وتویانە ئەوەیە کە نەتەوەی کورد سەدان ساڵە دەچەوسێنرێتەوە بە ژنو پیاوەوە، **پیاوی کورد کە شەقی داگیرکەری خواردبێت، هاتووە هێزی خۆی بەسەر ژنەکەیدا تاقیکردۆتەوە.** ژنان خۆشیان خۆیان دەچەوسێننەوە، دەیان رێکخراوی ژنان هەن بەلأم هەمیشە خۆیان لە سێبەری پیاودا بینیوەتەوە. ئەوەش هەر نەخۆشی نەبوونی سیستەمە، ئەگەر سیستەمێکی عادیلانە هەبێت خۆ دەبێت بە قانوون مافی هەموو کەسێك بەنێرومێوە بپارێزرێت، کاتێك پیاوێك ژنەکەی یان خوشکەکەی بە بیانووی کڕینەوەی شەرەفەوە دەکوژرێت، وەکو قاتل چاوی لێناکرێت، ئەگەر ژمارەیەك پیاوی ژنکوژ بە دەیان ساڵ حکووم بدرێنو بەرنەدرێن، ئەوا دەبنە پەند بۆ خەڵکانی تریش.

زنار: چی لەنێوان عەقڵیەتی ئافرەتی ئەوروپی یان جیهانی دەرەوەی ئافرەتی کوردستان دەبینی.

کاوە ئەمین: مەسەلەکە ئەوەیە کە تاکی ئەورپی بە ژنو پیاویانەوە وەکو تاك ئازادن. ژنو پیاو وەکو یەك کاردەکەنو ئابووریەکی سەربەخۆیان هەیە، ئابووری

سەربەخۆ نەك تەنها بۆ دەوڵەت بەڵكو بۆ تاكیش بڕبڕەی پشتە. كە ژن‌و پیاوێك لەیەك جیادەبنەوە یان تەڵاق وەردەگرن، خۆیان دەتوانن خۆیان بژێنن، بەڵام ئەمە لە كوردستان‌و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی وانییە. قانوونی وڵاتانی ئەورووپا بەیەك چاو تەماشای ژن‌و پیاو دەكات. پاشان ئازادی تاك گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە ژن‌و پیاون خۆیان خاوەنی جەستەی خۆیانن، نەك براو باوك‌و دەوروبەرو عەشیرەت‌و ...هتد. ئەمەش بووتە بەشێك لە پەروەردەو فێركردن لە قوتابخانەكاندا. لێرە هەموو وەكو مرۆڤ تەماشای یەكتری دەكەن، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە كە ئیتر لێرە یەكسانی موتڵەق هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتێكی وەكو سوێد كە لوتكەی دیموكراتیەتە، تا ئێستا لەهەندێك شوێنی كاركردندا، موچەی پیاوان لە هی ژنان زیاترە، بەڵام كورد وتەنی خەبات بەردەوامە بۆ بنبڕكردنی هەموو هەڵاواردنێك.

زنار: كە جیهانی دەرەوە ئەو بەهەشتە نەبێ، بۆچی كۆچی لاوان لە وڵاتی ئێمەدا لەهەر كات زیاترەوو بازاڕی هەی، هۆكاری چییە.

كاوە ئەمین: هیچ شوێنێك بەهەشت نییە، مرۆڤ لەهەرشوێنێك بێت، هەمیشە لە هەڵپەی ژیانێكی باشترو كامەرانتردایە. مەگەر كورد ناڵێت تەنانەت بزنیش بۆ شەوێكیش بێت جێگای خۆی خۆش دەكات. دیاردەی كۆچكردنیش شتێك نییە تەنها پێوەندی بە كوردەوە هەبێت، بەڵكو رەوڕەیەكە بە درێژایی مێژوو هەبووەو دەبێت. دیارە ئەوەی كە بۆ لاوانی كورد لە خولیای كۆچكردندان، پێوەندی بە ئابووری، سیاسی‌و كولتووری كوردستانەوە هەیە. پێوەندی بە ئازادی تاكەكەسەوە هەیەو لە هەمانكاتیش چاو لەوی دیكە كردنیش رۆڵی خۆی هەیە. راستە ئەورووپا لە هەموو روویەكەوە لە كوردستان‌و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی لە پێشترەوەیە، بەڵام وەنەبێت لێرەش هیچ گرفتێك نەبێت‌و هەمووكەس لە قەراغ رووباری هەنگویندا پاڵی لێدابێتەوەو چواردەوری بە حۆری گیرابێت. لێرەش ئەگەر ئێمەی پەنابەر، مۆڵەتی مانەوەمان نەبێت كە خۆمانی پێ بژێنین ئەوا بڕوابكەن پاش ماوەیەك تووشی دەیان دەردی سەری‌و خەمۆكی دەبین، راستە لێرە كەس لە برسان نامرێت، بەڵام زۆرجار مرۆڤ لەبەردەمی سۆسیالەكاندا (كاروباری كۆمەڵایەتی) وا ریسوا دەبێت، كە تف لەخۆی دەكات، بەتایبەتی لە رووی رۆحیەوە، دیارە مەگەر شێخ رەزا وتەنی كەسێك چەرمی رووی زۆر قایم بێت. كوردستان پێویستی بە گۆڕانكارییە، وەزارەتێكی وەرزش‌و لاوان هەیە ئێستا زیاتر كارەكانی بووە بە ئاهەنگێڕان‌و داوەت‌و داوەتكاری، كوا تا ئێستا چەند گۆڕەپانی فوتبۆڵی دروستكردووە كە شایەنی ئەوەبێت پێی بڵێت گۆڕەپان؟ لاوی كورد بە كچ‌و كوڕیەوە ئەگەر بتوانێت خۆی خۆی بژێنێ‌و كارێكی هەبێت‌و بتوانێت بە ئازادی سەفەر بكات‌و بێت‌و بچێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە هێندە بیر لە كۆچكردن ناكاتەوەو هەر مەجالیشی نابێت لێ بكاتەوە. دەزانم دەڵێن ئەی كەوایە جەنابتان بۆ نایەنەوە بەڵام دیسانیش ئەو شیعرەی پیرەمێردتان بەبیر دەهێنمەوە كە دەڵێت:

كاولكەی وەتەن هێندە شیرینە
زەهری دووپشكی عەرەبت هەنگوینە

لەگەڵ ئەوەشدا، من لەگەڵ ئەو رایەم كە دەڵێت: مرۆڤ ئازادە لەكوێ بژی‌و لەكوێ بمرێت.

زنار: چیت هەیە بۆ گوتن بشێ لەسەر میدیای كوردی.

كاوە ئەمین: میدیای كوردیش وەكو هەر شتێكی دیكەی كورد، بارگاوی كراوە بە سیاسەتی حیزب حیزبێنە، ئێستا وایلێهاتووە هەر ئەندام مەكتەب سیاسیەك هەڵدەستێ دەسگایەك‌و رۆژنامەیەك دادەمەزرێنێت، كە زۆربەیان وەكو بۆیاخی قژو سمێڵی بەرپرسەكان لەیەك دەچن، بەڵام خۆشبەختانە پشكۆیەك لە گەشانەوەدایە كە پێی دەڵێن میدیای ئازاد، بەڵام میدیا هەرگیز ئازاد نابێت تا ئەوكاتەی خۆی خۆی نەژێنێ، هەروەك چۆن گەنجەكانیشمان ئازادنابن تا خۆیان خۆیان نەژێنن‌و دەست لە كەسی دیكە پاننەكەنەوە.

زنار: قسەی چیت لەسەر سیستەمی پەروەردەو خوێندن لە كوردستان هەیە، ئەو فەلسەفەو خوێندنە كامە یە كە دەكرێت زەمینەی پەیرەوكردنی بۆ خۆشبكرێ.

كاوە ئەمین: خۆزگە ئەوە پرسیاری یەكەمتان بوایە، ئاخر زۆربەی ئەو دەردانەی كە ئێمە پێوەی دەتلێینەوە، ئەو پەروەردەیەیە كە ماڵ‌و خوێندنگاو ئێمەی پێ گۆش دەكرێت. پەروەردە لە مێژووەوەو بگرە هەتا فیزیا، بیركاری، جوگرافیا، ئەدەب، زمان، كۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ‌و یەكسانی‌و رێز لەیەكتر گرتن‌و یەكتر قبوڵكردن وەكو ئەوەی كە هەین‌و هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە. واتە پەروەردە بڕبڕەی پشتی كۆمەڵگەیە. ئەوە پەروەردەیە كە مرۆڤی كاراو ئافرێنەر بەرهەم دەهێنێت. ئەوە پەروەردەیە كە لەرێگای مێژوویەكەیەوە نەتەوە دروست دەكات. منداڵێكی كوردو ئەرمەن‌و سوێدی‌و...هتد، دەكرێت لەرێگای پەروەردەوە نەتەوەیەكی سەربەخۆی لێ دروست بكەیت. ئەمریكا لە رێگای پەروەردەوە نەتەوەی ئەمریكای بەرهەم هێناوە، دەنا خۆ هەموو خەڵكی ئەمریكا، هیندیە سوورەكانی لێ دەرچێت لە وڵاتی دیكەوە كۆچیان كردووە بۆ ئەو وڵاتە. پەروەردەو خوێندن لە كوردستاندا، كتێبی (دارا دوو داری دی) لێ دەرچێت كە تا ئێستاش هیچ كتێبێكی فێربوونی زمانی كوردی بۆ منداڵان، نەیتوانیوە شان بدات لەشانی، ئەوی دیكە هەمووی پێویستی بە گۆڕان‌و دەستكاری كردن هەیەو بەشێكیشی هەر دەبێت بە جارێك توربدرێت‌و سەرلەنوێ بە كتێبی پەروەردەو زانستێكی دیكە جێگایان پڕبكرێتەوە.

ئێمە لەگەڵ رێزماندا بۆ هەموو مامۆستایان، مامۆستای وامان هەیە كە بە ساڵێكیش نەك كتێبێك بەڵكو رۆژنامەیەك ناخوێنێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت منداڵی كورد بەشێوەیەكی باش‌و مۆدێرن فێری زانست بكات! لە وڵاتی خودا پێداوی وەكو ئەورووپادا، خاڵی وەرچەرخان‌و پرسی گرنگی هەڵبژاردنەكان لەسەر پەروەردەو تەندروستییە، پرسەكانی دیكە لاوەكین. كۆمۆنەكان ساڵانە بە دەیان كورسی نوێ بۆ مامۆستاكان دەكەنەوەو دەیان سیمنارو كۆڕو كۆبۆوونەوەیان بۆ دەكەن تا ئاستی زانستیان بەرزتربكەنەوەو زانیارییەكانیان نابێت تۆزی لێ بنیشێت. بەڕێوەبەری قوتابخانەكان دەبێت ساڵانە دەیان كۆبوونەوە بكەن‌و راپۆرت لەسەر ئاستی فێركردنی خوێندكارو باشی‌و كەموكوڕییەكان بنووسن‌و وەزارەتی پەروەردە هەڵوێستەیان لەسەر دەكات‌و لێیان دەكۆڵێتەوە. لە ئێستاوە حكوومەتی سوێد دەزانێت لە ساڵی ٢٠١١دا دەبێت چ گۆڕانكارییەك بكرێت‌و بەرنامەو بودجەی بۆ تەرخان دەكەن. لەلای ئەوان كوفرێكی گەورەیە، كتێبێكی خوێندنگا دوو وشەی هەڵەی تەنانەت چاپیشی تێدابێت. لە كوردستان تەنانەت ناوی كتێبەكانیش بە كوردییەكی سەقەت دەنووسرێت‌و پەنجا هەزاریشی لێ چاپ كراوەو كەس مێشێك میوانی نییە. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت نەتەوەیەك دروست بكات ئەگەر بیەوێت، ئەوەش پێویستی بە لەخۆبوردن هەیە، نابێت حیزب خۆی لە كاری پەروەردەدا هەڵبقورتێنێت، ئەوە كاری شارەزایانە، جا ئەو شارەزایانە ئینیتمای سیاسیان چی دەبێت با ببێت، نابێ تێكەڵاوی پەروەردەو زانستی بكەن. بۆیە دەكرێت كەڵك لە ئەزموونی گەلان‌و حكومەتی دیكە وەربگیرێت، شەرم نییە مرۆڤ شتێك نەزانێت، شەرم ئەوەیە كە تۆ نەیزانیت‌و نەتەوێت فێرببیت.

# لە قەڵەمڕەوی نووسیندا

خدر ئیبراهیم دەینوسێت

(رانیەو قەڵادزێ) وەك دوو ناوەندی گەورەی جێنشینی خەڵك لە پێگەیەکی بەڕێوەبردندا، رێژەیەکی زۆر لە فەرمانی کارگێڕیو تاکەکەسیو دەستەجەمعیان تێدایە. لە ئەرکو مومارەسە رۆژانەییەکانی ژیان گوزەراندندا جەنجاڵنو بە وردی ناسنامەی شار(City)یان دروست کردووە، بەلاّم هێشتا نەیانتوانیوە لە تخوبی گەورەی شار(Metropolis)نزیك ببنەوە.

**قەڵادزێ:**

مۆڵگەی شارستانیەتە، شارێکی جەنگیەو لە شەڕەکانی(بەعس-کورد)لە(١٩٦٣-١٩٨٩)و(عێراق-ئێران)لە(١٩٨٠-١٩٨٨) و (کورد-کورد)لە(١٩٩٤-١٩٩٧)و راگواستن(١٩٨٩)دا، ئەزموونگەلێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بوونی قەلاّی شارو قەلاّکانی دەوروبەری، نیشانەی ئەوەن کە بەبەردەوامی لە ململانێی مانو نەماندا ژیاوە. هاوین وەرزی مردووی شارەکەیە بەهۆی وەدەرکەوتنی بەشێك لە خەڵکەکەی بۆ دەرەوەی شارو سەرگەرمبوون بە کشتوکاڵو گەشتکردنو خۆدزینەوە لە گەرمای تاقەتپروکێنی هاوین، بەلاّم لە سێ وەرزەکەی دیدا زیندوێتی خۆی بە زەقی دەسەلمێنێت. دیمەنە جوانەکانی دەوروپشتی ئەو شارە وایکردووە وەك شارێکی کراوە چاوی لێبکرێتو وەك نموونەی شاری لەشساغی دابنرێت. نزیکی لە سنووری قەڵەمڕەوی ئێران، بۆتە هۆی ئەوەی لە زوویکەوە چەندین رایەڵەی لەگەڵ بەشە کوردستانی رۆژهەلاّتدا بۆ درووست ببێت، لە ڕووی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتیەوە، ئەگەر راگواستنی ساڵی (١٩٨٩)ی بەخۆیەوە نەدیبا، دەگونجا لە دهاتاوودا بە چەشنی(زاخۆ) ببوایەتە شارێکی گەورەی بازرگانی. بەردەوامی ستەمکاری داگیر نانەتەوەش لە ئاست ئەو شارەدا وەك(شوێنو خەڵك) دۆخێکی وای خولقاند کە هەستی شۆڕشگێڕیو یاخی بوونی پیرۆز بە بەردەوامی لای تاکەکانی ئەو شارە هەست پێبکرێت. ئەمەش لە رووی کردەییەوە لە چەندین راپەڕینو بزاوتی جەماوەریدا رەنگی دایەوە.

**رانیە:**

لە پێگەیەکی بەرینو تەختی کشتوکاڵی زیندوودا هەڵکەوتووەو بەهۆی دلڕفێنی سروشتی جوگرافی ناوچەکەوە وەك شارێکی نموونەییو پانو پۆرو سەرنج راکێش خۆ دەنوێنێت. لە مۆڵگەیەکی گەورەی جەنجاڵی پێکهاتووە، بەهۆی قوتاربوونی لەئەگەری راگواستنی سەردەمی بەعس، ئەوشارە بەشێوەیەکی میکانیکی گەشەی کردووەو لە ئەمڕۆدا لەگەڵ بەشێك لە ئاوەدانیەکەی دەوروپشتیدا تێکەڵ بووەو لە قەبارەی ئاسایی خۆی تێپەڕاندووە. پاش راپەڕین بە سەنتەرێکی گەورەی کارگێڕیو سیاسیو ئابووری دانراوە، کە بارەگای دەیان پارتو راگەیاندنی بیستراوو بینراوی پارتو رێکخراوەکان دەگرێتەوە. چڕی کردە بازرگانیەکانی باشووری کوەردستان لەو شارەدا، لەنێوان سەدان بازرگاندا بووە هۆی ئەوەی وەك ناوەندێکی ناوچەیی بازرگانی گەورە دەربکەوێت. دووری لە سنوری ململانێ هەرێمیەکانو چڕی دانیشتوانو فراوانی رووبەرەکەی ئەگەری ئەوە دادەنێت کە لە داهاتوودا ببێتە شارێکی پیشەسازی...رۆڵی ئەو شارە وەك باقی شارەکانی دی باشووری کوردستان لە راپەڕینەکاندا بەرچاو بووە بەتایبەتیش قوربانیەکانی بۆردومانی کیمیایی ناوچەکانی بالیسانو دەوروبەریدا.

*******

ئەم دووشارە جگە لە نزیکی جوگرافیو وابەستەییە بازگانیو نەتەوەییو ئایینیو کۆمەلاّیەتیەکان، چەندین رایەڵەی دی بەیەکەوەی بەستونەتەوە. لەبواری رۆشنبیریدا تاکو سەردانو لێکنزیکیو هاوکاری قەڵەم بەدەستەکانی هەردوولا بۆ جموجۆڵە هونەریو ئەدەبیەکان لەچڵە پۆپەدایە، لەبواری خزمایەتیشدا، ژمارەکی زۆری پەیوەندیە هاوسەرگیریەکان لەنێوان تاکەکانی ئەم دووشارەدا خوڵقاونو هێندەی تر رایەڵەکانی پتەوتر کردووە. لە بواری کۆمەلاّیەتیشدا بەهۆی نائاسایی بوونی بارودۆخی پشدەرو بۆردومانکردنی شەڕی عێراق-ئێرانو راگواستنی قەڵادزێوە، بە سەدان خێزان لە رانیە نیشتەجێبوونو لە پاش چەند دەیەیەك تێکەڵ بە نیشتەنی رانیە بوون.

لەرووی سیاسیشەوە چەندین کارەکتەری حیزبی لەنێوان ئەو دووشارەدا جێگۆڕکێیان کردووەو لە راگەیاندنەکاندا ئەرکی جۆراوجۆریان وە ئەستۆ گرتووە. لەبواری پەروەردەییشدا، بۆ چەندین ساڵ هەردوشار لەناوەندی(پەروەردە)یەکەوە، کارەکانیان بەڕێوەدەبراو زۆربەی جموجۆڵە پەروەردەییەکانی کایەی خوێندنیش بە هەرەوەزی لەنێوان مرۆڤەکانی ئەو دووشارەدا ئەنجام دەدران.

************

هیچ قەڵادزەییەك نییە بخوازێت بەرەو شارەکانی دی باشووری کوردستان بڕواتو خۆی لە بینینی رانیە ببوێرێت. بەهەمان شێوەش رانیەییەکان ناتوانن لە نیەتی کردەی هاتوچۆ بەرەو رۆژهەلاّتی کوردستان لەڕێی ئەو دەڤەرەوە، بە قەڵادزێدا تێنەپەڕن. کەواتە، جەبری بینین لە هاتووچۆدا وا لەخەڵکی هەردوولا دەکات کە سەرەتای ئاشنابوویان بە شارەکانی یەکدی لا بخولقێنێت. ئاشنابوونیش جۆرێك لە هۆگری دروست دەکات کە دەتوانێت بەشداری لە فۆڕمەڵەکردنی کۆمەلاّیەتیبوونو پێکهەڵکردندا بکات.

***********

رایەڵە تەباییەکانی (رانیەو قەڵادزێ)زۆرترن لە پێکدژیەکان. دۆستایەتیەکان زۆرن لە سەنگەر لێکگرتنەکان، بینینەکان زۆرترن لە نەبینینەکانو تێگەیشتنەکانیش زۆرترن لە حاڵی نەبوونەکان.(رانیەو قەڵادزێ)وەك (شوێن)لە سروشتدا لێکنزیك خولقاون، کارەکتەرەکانیشی دەبێت بە خودی خۆیان زۆرتر لە دوێنێ لێکنزیکیە مرۆڤیەکان بەدی بێنن.